نوێژی جومعەمان لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدەدا، پاشان دەچوونەوە، ودیوارەکان سێبەری نەبوو بۆئەوەی لە ژێری دابنیشین

لە سەلەمەی کوڕی ئەکوعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە یەکێک بوو لەوانەی لە ژێر دارەکەدا بەیعەتیان بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دا، دەڵێت: «نوێژی جومعەمان لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدەدا، پاشان دەچوونەوە، ودیوارەکان سێبەری نەبوو بۆئەوەی لە ژێری دابنیشین». ولە گێڕانەوەیەکدا: «نوێژی جومعەمان لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدەدا، ئەگەر خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لایبدایە؛ پاشان دەگەڕاینەوە وهەوڵمان دەدا سێبەر بدۆزینەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سەلەمەی کوڕی ئەکوع -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پاش گوێگرتن لە وتارەکە نوێژی جومعەیان ئەنجامدەدا، زوو تەواو دەبوون وپاشان دەچوونەوە بەرەو ماڵەکانیان، ودیوارەکان سێبەری نەبوو بۆئەوەی لە ژێری دابنیشن یان لە ژێری ڕێبکەن. گێڕانەوەی دووەم: نوێژی جومعەیان لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدەدا، ئەگەر خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لایبدایە؛ پاشان دەگەڕانەوە بەرەو ماڵەوە. زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە کۆتا کاتی نوێژی جومعە کۆتا کاتی نوێژی نیوەڕۆیە، وباشتر و لەپێشتر ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ نوێژ ئەنجامبدرێت لە پاش کاتی زەوال (ئەمیش واتا ماوەیەکی کەمە پاش ئەوەی کە خۆر لە نیوەی ئاسمان بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات؛ کە دەکاتە سەرەتای ماوەی بانگی نیوەڕۆ) ئەگەر دونیا زۆر گەم نەبوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر جار بەم شێوەیە نوێژی ئەنجامدەدا؛ چونکە ئەمە کاتێکە زانایان یەکدەنگن سەبارەتی مەگەر لەبەر پێویستیەک یان بەهۆی گەرمایەکی بەتینەوە نەبێت، وهیچ سێبەرێکیان نەدەدۆزیەوە بۆئەوەی لە ژێری دابنیشن یان لە ژێری ڕێبکەن، وئەگەر بیانەوێت دەربچن بەرەو جیهاد کردن لە پێش کاتی زەوال ئەوا ئاساییە نزیک ماوەی زەوال نوێژی جومعە ئەنجامبدرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5398